## ئاگاداری "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا"

### مەدرەسەکان

لە سەرەتای دەست بەکارکردنی ماڵپەڕی بۆکان، بەشێکی تایبەت بە خوێندنگاکانی بۆکان تەرخان کرابوو، کە ئەو دەم واتە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا، هەم وەدەستهێنانی زانیاریی و پێوەندیگرتن لە گەڵ خەڵکان چەتوون بوو، هەم لاکردنەوە لە بابەتێکی وا لە لایەن زۆر کەسەوە بە گرنگ نەدەزاندرا. ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەم ساڵانە بوونی ئینترنێت و ڕێگاکانی پێوەندی و بوونی کەسانی زۆر کە هەست بە بەرپرسیاربوون، دەکەن، ئێمە هان دەدا جارێکی دیکە چالاکتر لە چوارچێوەی پرۆژەی "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا" ئاوڕ لەو بابەتە بدەینەوە!

بەرپرسانی پرۆژەکە هیوادەخوازن لە گەڵ پشتیوانییەکی زۆری خەڵک بە تایبەت ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیان بە خوێندنگاکانەوە هەبووە، وەک خوێندکار، موعەلیم، دەبیر، کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها وەک دایک و باوکی منداڵان و خوێندکاران، ڕووبەڕوو ببنەوە.

بیرەوەری، بەڵگەنامە، وێنە،نامە، فیلم و هەر چەشنە زانیارییەک کە بگاتە دەست بەرپرسانی پرۆژەکە، بە شێوەی شیاو بڵاو دەکرێتەوە. مەدرەسە لە شاری بۆکان بە تەنیا شوێنی خوێندن نەبووە، بەڵکوو شوێنی چالاکی هونەریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ڕۆژنانەنووسی(ڕۆژنامەی دیواری) و شوێنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بووە. باسکردن لە هەرکام لەو لایەنانە، دەبێتە هۆی ئەوەی سیمای شار وناوچەکە بکەوێتە بەر ڕۆشنایی و لە تاریکیدا ون نەبێ! هاوکاری هەرکەس جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمەیە. بۆ ناردنی بابەت، یان نووسین پێویست ناکات کەسەکە نووسەر و ئەدیب بێت، هەر کەس بە هەر شێوە و بە هەر زمانێک بۆی دەکرێ، دەتوانێ بە نووسین، تۆمارکردنی دەنگ، ویدئۆ بابەتەکەی بۆ ئێمە بنێرێ. گەر کەسانێک حەز دەکەن زانیارییەکان ڕووبەڕوو لە گەڵ کەسێک باس بکەن، ئێمە هەم خۆمان ئێمکانی وا پێک دەهێنین و هەم داوا لە کەس و کەسان دەکەین، لەم بوارەدا هاوکاریمان بکەن. بێگومان لە وڵات و دەرەوەی وڵات زۆر کەس هەن کە دەوری جیددی و کاریگەریان لە ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان لە بۆکان و ناوچەکە، واتە لە گوندەکان هەبووە، ئەو کەسانە دەبێ هەم بۆ ڕێزگرتن لێیان بەسەر بکرێنەوە و هەم بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکانیان. بەداخەوە لەم ساڵانەی دوایەدا چەند کەسی بەرپرس و چالاک، کە دەوری کاریگەریان لە سیستەمی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان لە بۆکان و ناوچە هەبوو، بەجێیان هێشتین، بێ ئەوەی زانیارییەکان لە پاش خۆیان بەجێ بهێڵن. با هەموو پێکەوە گرنگی بە کۆکردنەوەی زانیاریی بدەین. با خۆمان لە مێژووماندا ببینینەوە! با مێژوومان خۆمان بینووسینەوە.

بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

تاهیر عەلیار- برایم فەڕشی